# کێشەی پەرەوەردەی فێرکاری لە هەرێمی کوردستان

# ڕەخنە و ئەلتەرناتیڤ

کاوە جەلال

## پێشگۆتن

ئێمە سەرەتا لە پرسیاری پەروەردەی فێرکاریدا لە کوردستان دەکەوینە بەردەم پرسی "تێگەیی"، چونکە گەرچی ئێمە واژەکانی پەروەردە و فێرکاری وەک دوو تێگەی پەروەردەناسی (پێداگۆگیک) بەکاردەهێنین، لێ سەرەڕای ئەوە بە وردبوونەوەی هزری لە کێشەی پەروەردە دەبینین، کە پەروەردە، وەک پێگەیاندنێکی مرۆڤخوازانەی تاکی فێرخواز، لە کوردستان نییە، بەڵکو ئەو شێوازە سەروەرە کە ئێمە ناوی دەنێین "خوێندنی ترادیسیۆنی".

بۆ ڕوونکردنەوەی کێشەی فێربوون و فێرکاری هەوڵ دەدەین بە شێوەیەکی ڕەخنەیی بچینە نێو کێشەی خوێندنی ترادیسیۆنییەوە، لێرەشدا بە تاکە شێوازی وەرگرتنی زانستەکان دەگەین کە بریتییە لە "دەرخکردن". لێ لەبەر ئەوەی لە پرۆسەی وانەبێژیدا هەمیشە دوو تەوەری مامۆستا و خوێندکارمان هەن، ئەوا هاوکات پێویست دەبێت لەنێو خەریکبوونە ڕەخنەییەکەدا خودی "مامۆستا" بپشکنین، لێرەشدا پرۆسەی سۆسیالیزاسیۆن (بەکەسکردن)ی تاک لەنێو کۆمەڵدا چاکترین دەرچەیە بۆ ئەوەی لێوەی هەنگاو بۆ نێو ئەم کێشەیە بنێین. وەرگرتنی ئەم هەڵوێستە گونجاوە، چونکە سۆسیالیزاسیۆن، کە سەرەتا لەنێو خێزاندا بەگەڕدەخرێت و پاشان، لەپاڵ خێزاندا، لەنێو دامەزراوە فەرمییەکانی وەک خوێندنگە و زانکۆ بەردەوامیی پێدەدرێت، تەنیا منداڵان و گەنجان ناگرێتەوە، بەڵکو، لە ڕووی سۆسیالپسیکۆلۆژییەوە کەسانی کاملیش بەدرێژایی ژیانیان دەگرێتەوە. کەواتە مامۆستا خۆی بەنێو ئەم پرۆسەیەدا ڕەت بووە و هاوکات خۆی هێشتا لەنێویدا دەبینێتەوە. ئێمە لەم ڕێیەوە دەتوانین پەیوەندییە بەرەیی و ئاڵۆزێنراوەکەی، بەڵێ تەنانەت وشکهەڵهێنراوەکەی نێوان "مامۆستا" و "خوێندکار" بە چەشنێک هەڵبووەشێنینەوە، کە لە ڕەوتیدا مامۆستا بخەینەوە نێو ئەو دۆخە کە ئەو تێیدا جارێ خوێندکار بووە و لەسەر هەمان ڕێسای دەرخپێکردن "مت" کراوە.

لێ بەبێ دانوستاندنی "زمانی کوردی" ناتوانین بە پوختی لە وەڵامی کێشەکانی خوێندن لە کوردستان نزیک بکەوینەوە. ئێمە لێرەدا دەکەوینە بەردەم بەدرەوشێک: زمانی کوردی خۆی بووە بە بەربەست لە بەردەم فێربوون و ئاوەڵابوونی هۆشەکییانەی خوێندکاراندا، ئەمەش لە لایەک بۆ دواکەوتوویی زمانی کوردی دەگەڕێتەوە، واتا بۆ ئەو هەقیقەتە کە زمانی کوردی دەرەقەتی زانستەکان نایەت، لێ لە لایەکی دی بۆ شێواندنی زمانەکە لە لایەن زمانناسانی قەدیمییەوە دەگەڕێتەوە، کە لە ڕەوتی هزرینیاندا بە ئارەبی و کارکردنیاندا بە کوردی کەوتوونەتە سەر لێژییەکی

زمانەوانی لە نێوان زمانی کرداریانەی/ڤێربیانەی ئارەبی و زمانی ناتورالیستیی کوردیدا، لێرەشدا لەبەر ئەوەی بەکوردی نەهزریون، ئەوا نەیان توانیوە واژە و تێگە زانستییەکان هەڵبهێنجن، بەڵکو بە دۆشداماوی بۆ "شتێک" گەڕاون تاکو بە کوردی بەرانبەر واژە ئارەبییەکە داینێن.

لێ ئەم توێژینەوەیە، وەک چۆن ناونیشانەکەی ئاماژەی بۆ داوە، تەنیا ڕەخنەیی نییە، بەڵکو هاوکات ئەلتەرناتیڤێک لە ڕوانگەیەکی دیالێکتیکییانەی فێرکارییەوە دەهێنینە پێشەوە و لەژێر ناونیشانی "پەروەردەی فێرکاریی نوێ"دا دیاریی دەکەین. کاتێک بەخێوکردنی ترادیسیۆنی تەنیا کەسێتیی منداڵ ([1]) و هۆشی خوێندکار سست دەکات، ئەوا پەروەردەی نوێ هەوڵێکە بۆ پێگەیاندنی منداڵ (و گەنج) وەک مرۆڤ و فێرخواز، کە ئیدی بتوانێت خۆی بناسێت و هۆشی خۆی بۆ شکۆفەپێدانی نوێخوازی (فزوولییەت) ببزوێنێت. لەم ڕوانگەیەوە پەروەردە، بە پێچەوانەی بەخێوکردن و دەرخپێکردن، بریتییە لە ڕاهێنانی لایەنە مرۆڤی و هۆشەکییەکانی کەسی تاک. ڕاهێنانی مرۆڤی لەوەدایە، کە هەوڵ دەدرێت فێرخواز بە توانستە مرۆڤییەکانی خۆی بناسێنرێت؛ ڕاهێنانی هۆشەکی لەوەدایە، کە دامەزراوە فەرمییەکانی وەک خوێندنگە و پەیمانگە و زانکۆ، بابەتەکانی وانە و شێوازی وانەبێژی بە ئامانجی فێرکارییەوە ڕێکدەخەن.

لەم نووسینەدا، بەگوێرەی پرسیارە بەبابەتکراوەکان، واژەکانی مامۆستا و فێرکار، خوێندکار و فێرخواز، خوێندنگە و فێرگە، بەکارهێنراون. ئەم بەکارهێنانە لە شێواویی هزر یان حەزی گەمەی زمانەوانییەوە نەهاتووە، بەڵکو واژەکان لە جێی بە خۆ تایبەتی نووسینەکەدا دەردەکەون و ئەمەش بە واتای ئەوان توخمی خەریکبوونە ڕەخنەییەکە پێکدەهێنن.

## 1- خوێندنی ترادیسیۆنی، یان: بەخێوکردن و دەرخپێکردن

بۆ ئەوەی لە کێشەی خوێندنی ترادیسیۆنی نزیک بکەوینەوە، چاک دەکەین کە سەرەتا ڕوو بکەینە پرۆسەی سۆسیالیزاسیۆن (بەکەسکردن)، واتا پرۆسەی خۆشەکردنی منداڵ بەو مەبەستە کە لە سەرەنجامدا ببێت بە ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵایەتی، ئەوجا وەک ئەم کەسە چالاکە بتوانێت نۆرم (پێوارە) و بەها کۆمەڵایەتییەکان بە ویستی ئازادی خۆی بەرهەمبهێنێتەوە ([2]). لە بنەڕەتدا چەقی گۆڕانی کەسێتیی منداڵ هەمیشە لەنێو ئەو پرۆسەیەی سۆسیالیزاسیۆندایە، کە سەرەتا لەنێو خێزاندا دێتەگۆڕێ، لێرەشدا بەندین بە جیهانبینیی دایک و باوک و شێوازی بەخێوکردنیان، کە پێکەوە کاریگەریی دەروونی لەسەر منداڵ دەنوێنن. کاتێک دایک و باوک لە ڕوانگەی هزر و تێڕوانینی جیهانییانەوە هەوڵ دەدەن منداڵەکەیان بکەن بە ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵ، ئیدی لەو ڕەوتەدا جیهانبینیی خۆیان بەو

ڕێیەوە بە منداڵ دەگەیەنن. هەروەها لە جیهانبینیی تایبەتی دایک و باوکەوە شێوازەکانی سۆسیالیزاسیۆن دەکەونەوە: خێزانێکی کراوە یان هەیەپارێز (کۆنزەرڤاتیڤ)، جا دەوڵەمەند بێت یان هەژار، شاریی بێت یان گوندی، لە هەبوونی خۆیەوە ڕۆڵێک دەنوێنێت و شێوازی خۆشەکردنی منداڵ بەردەخات، لێرەشەوە کاریگەر دەبێت لەسەر جۆری چێبوونی ئەو تاکەکەسە کە لە داهاتوودا وەک کردارنوێنێکی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت.

لێ سۆسیالیزاسیۆنی منداڵ کە سەرەتا لەنێو خێزاندا بەردەخرێت، لە تەمەنێکی تایبەتیی منداڵەوە لە لایەن دامەزراوەی فەرمیی دەوڵەتیشەوە، واتا باخچەی منداڵان و خوێندنگەکانەوە، لە ئەستۆ دەگیرێت. لە نێو ئەم پرۆسەیەی سۆسیالیزاسیۆندا نەک تەنیا منداڵ، بەڵکو هاوکات کەسی سۆسیالیزەکار هەیە، واتا مامۆستا، کە ئەویش خۆی سەرەتا بەنێو پرۆسەیەکی سۆسیالیزاسیۆندا ڕەت بووە. لێ پرۆسەکە سەرباری جیاوازیی نەوەیی "نزیکەی" هاوشێوەیە، چونکە لە کۆمەڵی هەیەپارێزی کوردیدا دەرفەتی "گۆڕان"ی کەسی نییە، بەڵکو لەم کۆمەڵەدا کەسێتیی سۆسیۆکولتووری هەتا ڕادەی شیان بەرهەم دەهێنرێتەوە ([3]). بۆیە بەردەوام ئەو کێشە کرۆکیانە لە بەردەمماندان، کە لە کاتی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە لە ئارادا بوون: خۆشەکردن بۆ بەرهەمهێنانەوە، یان دانانی قۆناغبڕینی خوێندنگەیی وەک پێشکەوتنی خوێندکار ئەوجا لە کۆتاییدا گەیشتن بە "بڕوانامەیەک"، کە دەشێت بڕوانامە بێت وەک "مۆڵەتی کارکردنی مامۆستایی".

لەم ڕوانگەیەوە ئێمە تێکچڕینێکمان هەیە لە نێوان کەسێتیی ترادیسیۆنی لە لایەک، شێوازی وانەبێژی و ڕێکخستنی بابەتەکانی وانە لە لایەکی دی. لە سەرهەڵدانی کەسێتیی ترادیسیۆنیدا لە لایەک تێگە ئەزەلییەکانی ئایین خۆنوێنن، واتا تێگەکانی "گەورە" و "بچووکی"، "ئەجری دایک و باوک"، "کەس وەک کەرتێکی گرووپ"، و هتد؛ لێ لە لایەکی دی وانەبێژی و دانانی بابەتەکانی وانە دەڕژێنە نێو تەوەری کەسێتیی ترادیسیۆنییەوە، چونکە ئەوە کەسی خۆشەکراوە، کە وەک مامۆستا (یان پسپۆڕ) نەک تەنیا خەریکی وانەبێژییە، بەڵکو هەروەها بابەتەکانی وانە هەڵدەبژێرێت و دەیان نووسێت، ئەوجا دەوڵەت بەسەر خوێندکارانی خوێندنگەکانیدا دەبەشێتەوە. ئەم کەسێتییە، کە بەهۆی خۆشەکراوییە ترادیسیۆنییەکەیەوە ئاسۆیەکی سنووورداری هەیە، تەنیا ئەو شتەی پێ دیاری دەکرێت و هاوکات دەخوازێت تەنیا ئەو شتە بە نووسین دیاری بکات، کە لەنێو مەودای ئاسۆی خۆیدایە. گرنگترین کێشەی ئەم کەسێتییە بریتییە لە نەبوونی ئاگاییەکی ڕەخنەیی لەبارەی ڕابوردووی کۆمەڵایەتی و ژینگە سەردەمییەکەی، بۆیە دانانی بابەتەکانی وانە یان یەکلایەنی و کەلێندارە (بەتایبەتی لە وانە هۆشەکییەکانی وەک مێژوو و کۆمەڵناسی و هتد)، یان لەو بابەتانەدا هزرینی ئیسلامی-خۆرهەڵاتی بەرجەستە دەبێت، واتا دانانی بابەتەکانی وانە بەزۆریی ڕێکخستنەوەی ئەو زانستانەیە کە لە وڵاتانی خۆرئاوادا سەریانهەڵداوە. پاشان ئەم بابەتانە کە لە کتێبدا ڕێکخراون، بۆ کوردی وەردەگێڕرێن. بێگومان ئەو کتێبە خوێندنگەییانەش کە "مامۆستایانی یان پسپۆڕانی شارەزای" کورد دەیاننووسن، لەنێو هەمان شێوازی هزریندان، هێندە نەبێت کە نووسراوە ئارەبییەکان داڕشتنێکی زمانەوانیانەی پوخت و ڕەوانیان هەیە، لێ لە نووسراوە کوردییەکاندا

بەدەگمەن پوختیی دارِشتن و لۆگیک دەردەکەوێت، جگە لەوە نەک تەنیا پڕن لە هەڵەی ڕێزمانی، بەڵکو تەنانەت پڕن لە هەڵەی تایپ، ئەوجا بەو هەموو هەڵەیەوە دەدرێن بە خوێندکاران.

لێ ئەوە هەروەها کەسێتیی ترادیسیۆنییە، کە وەک "هەڵگر"ی وانەبێژی چالاک دەبێت. لێ ئەم کەسێتییە بەزۆریی لە ڕێژەدا بە پیشەی دیکەوە، وەک ئەندازیاری و پزیشکی، یان فەرِاشی و دوکانداری و پینەچێتی و هتد، پیشەکەی دەنرخێنێت، واتا ئەو زۆر دەشێت خواستی پێگەیەکی باڵاتری وەک ئەندازیاری یان پزیشکیی هەبوو بێت، لێ بەهۆی ئاستی کۆنمرەوە نەیتوانی بێت پێی بگات و پاشان بەناچاری پێگەی مامۆستایەتیی هەڵبژاردبێت. بێگومان ئێمە ناتوانین نکۆڵی لە بەهای ئۆبژێکتیڤیانەی پێگە سۆسیالەکان بکەین کە هەردەم لە لایەنی خۆیانەوە ڕێزی کۆمەڵایەتی و ناساندن بۆ پێگەداران مسۆگەر دەکەن، لێ گەر ئاستگەرایانە هەوڵ بۆ بەدیهێنانی ئەو پێگە سۆسیالانە بدرێت، ئەوسا زۆر دەشێت وانەبێژی وەک ئەرکێکی چێژبەخش و ئەخلاقی و گوزەران دابینکەر واتای لاوەکی وەربگرێت یان تەنانەت وەرینەگرێت. ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان هەردوو ڕەوش لەگۆڕێن: دەشێت لە ڕووی سوننەتییەوە هێشتا کارا بێت، لێ هەروەها زۆرتر دەشێت ئەنجامدانێکی ناچارەکی و یەکجار ڕواڵەتییانە بێت، بۆ نموونە لەو شێوەیەدا کە زۆر مامۆستای زانکۆ یەک وانەیان لە ساڵێکی خوێندندا بە یەک تاکە "مەلزەمە"ی پازدە تا بیستوپێنج لاپەڕەیی "بەڕێدەکەن". بە گشتی مۆرکی ئەم کارە ترادیسیۆنییەی مامۆستایەتی ئەوەیە، کە کەسێتییەکە (لە زانکۆ یان پەیمانگەی مامۆستایان) هەمیشە وەک بەرهەمهێنەرەوەی بابەتەکانی "وانە" هەوڵی گەیشتن بە مەبەستەکەی دەدات، کە وەک گوتمان سەندنی پێگەی مامۆستایەتی و ناساندنی کۆمەڵایەتییە. مامۆستا خۆی وەک "پیشەدار"ێک (خاوەنی میهنەیەک) دەبینێت، لێ بە جیاوازییەکەوە لە پیشەگەری دەستی، کە ئەو بە کاری سەر و دەست بەرهەم ناخاتەوە، بەڵکو تەنیا بابەتە نووسراوەکان بە خوێندکاران دەگەیەنێت و دەوڵەتیش بۆ ئەم کارەی مووچەی بڕیوەتەوە ([4]).

بەرهەمهێنانەوەی ئەم شێوازە خوێندنگەییە هاوکات بەوەدا ڕوون دەبێتەوە، کە خوێندکار نەک فێربوون، بەڵکو دەرچوون لە تاقیکردنەوەدا بە پێشکەوتن دادەنێت، بۆیە ئەو خۆی تەنیا یان بەزۆری بۆ تاقیکردنەوەکان هیلاک دەکات، ئەوەش نەک لەسەر بناغەی تێگەیشتن لە بابەتەکان، بەڵکو لەسەر بناغەی ئەو تاکە شێوازە کە مامۆستا دەیناسێت و ئەوی پێناساندووە: دەرخکردن. مامۆستا ئەو کەسە دروست دەکات، کە گەرەکە لایەنی کەم لە کاتی خانەنشینبوونی خۆیدا جێی بگرێتەوە.

## 1-1 بەخێوکردن بۆ "خوێندن"

ئێمە لە کوردیدا واژەی بەخێوکردن چە بۆ مرۆڤی منداڵ و چە بۆ باڵندە، بۆ نموونە مریشک، بەکاردەهێنین. بەخێوکردن بەزۆریی هەوڵدانی کامڵەکانە بۆ تێرکردن و پاراستن لە سەرما یان گەرما، هەروەها، پەیوەست بە منداڵەوە،

هەوڵی پاراستنە لە کارەساتەکانی ژیان. لێ بەخێوکردن لە هەردوو ڕەوشدا بە مەبەستی بەرهەمخستنەوە ئەنجام دەدرێت: بەخێوکردن لە حاڵەتی مریشکدا بۆ مەبەستی هێلکەکەی یان گۆشتەکەیەتی، لە حاڵەتی مرۆڤی منداڵدا، وەک خۆشەکردنێکی ترادیسیۆنی، بریتییە لە لاساییکردنەوە و بەرهەمهێنانەوەی ئەو پێوارە (نۆرم) و بەهایانە کە لای خێزان و کۆمەڵگەی هەیەپارێز سەروەرن. بەخێوکاران هەوڵ دەدەن بەو ڕێیەوە پێوارە و بەهاکانیان، خوو و نەریتەکانیان، بپارێزن. لێ لەبەر ئەوەی پێوارە و بەهاکان، خوو و نەریتەکان، سوننەگەرایانە پێناسە کراون و وەک ڕێنومای نەشیاوی پرسیارلێکردن دانراون، ئەوا کەسی تاک ناچار دەکرێت خۆی بخاتە ژێر ڕکێفیانەوە، تاکو ئەوەی لێ دەربچێت کە بەخێوکەران دەیخوازن: کوڕێکی یان کچێکی پاشپاتکەرەوەی ئەو بەها و خو و نەریتانە کە کۆمەڵی هەیەپارێز لە پێناوی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی کۆمەڵایەتیدا ڕایاندەگرێت ([5]).

لەم جیهانبینییەوە نەک تەنیا بابەتەکانی خوێندن دادەنرێن، بەڵکو هەروەها پێناسەی کارە زانستییەکان دەکرێن، ئەمەش بە چەشنێک، کە ئیدی هەروەک زانست بریتی بێت لە وشەی ڕیزکراوی نێو ڕستە، ڕستەکانیش بوونێکی ڕەهای ئۆبژێکتیڤییان هەبێت و ئەو زانستە نەشیاوی پرسیارلێکردن بێت، مرۆڤیش تەنیا بتوانێت بەهۆی ڕەهایەتییەکەی زانستەوە رواڵەتییانە وەری بگرێت. لەم ڕوانگەیەوە بەخێوکردن لە بواری دامەزراوەییدا (خوێندنگە) بە چەشنێکە، کە کوڕان و کچان وەک خوێندکار دادەنرێن و بەزۆر خۆشە دەکرێن بۆ ئەو شتانە کتومت بدەنەوە کە مامۆستایانی بەخێوکەر وەک وانەی نەشیاوی پرسیارلێکردن دەیانخزێننە هۆشیانەوە، پاشان لە تاقیکردنەوەکاندا بڕی وانە خزێنراوەکان بۆ نێو هۆش دەپشکنن. کەواتە تێگەی خوێندن بەڕێکەوت نییە و ئاماژە بۆ شێوازێکی تایبەتیی هزرین دەدات. خوێندن، کە بۆ مەل یان مەلای قورئانخوێن و خوێندکار بەکاردەهێنرێت، دانەوەی کتومتی ئەو بابەتەیە کە وەک بنەمایەکی نەشیاوی پرسیارلێکردن دانراوە.

ئێمە لەم شێوازە باوەی بەخێوکردندا تێگەی "دەرخ" یان "حیفز"مان هەیە و بناغەکەی بۆ ئایین دەگەڕێتەوە ([6]). لێ گەرەکە ئەم کێشەیە لە دوو ڕووەوە دیاری بکەین: یەکەمیان لە ڕووی ئایینییەوە، کە بابەتی ئەم نووسینەی ئێرە نییە، دووەم لە ڕووی مۆدێلی خوێندنەوە. شێوازی دەرخکردنی بابەتە نووسراوەکان تاکە مۆدێلی خوێندنە لە خوێندنگەکاندا. لێ بۆ ئەوەی لەم کێشە توخمییەی خوێندن نزیک بکەوینەوە، دەبێت بپرسین، کە چۆن و لەکوێوە بووە بە مۆدێلی خوێندن.

ئێمە لە سەرەوە لەتەک کێشەی سۆسیالیزاسیۆنی نەوەییدا، واتا هێنی مامۆستا و خوێندکاردا، خەریک بووین. لەم ڕوانگەیەوە پێویستە بەرەو پاش بگەڕێینەوە بۆ کاتەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە لایەن بەریتانیاوە. ئێمە لێرەدا لە لایەک بڕینێکی قۆناغیمان لە شێوازی خوێندنی ئیسلامی بەگشتی و عوسمانی بەتایبەتی هەیە، لێ هاوکات درێژەپێدانی هەمان مۆدێلی خوێندنی خوێندنگەیی دەبینین. بۆ پتر نزیککەوتنەوە لەم کێشەیە دەبێت سەرەتا جەخت لەو هەقیقەتە بکەین، کە دەوڵەتی عێراق دامەزراوی دانیشتوانەکەی ئەمڕۆی نەبوو، بەڵکو زلهێزێکی مۆدێرنی دەرەکی

دایمەزراند، کە نەک تەنیا سیستەمە سیاسییەکەی خۆی، بەڵکو سیستەمی فێرکارییەکەی خۆیشی بە زانستە مۆدێرنەکانەوە، وەک سەروێنە / نموونە بۆ دانا و ئەوجا سەپاندی. کەواتە پێویست بوو خوێندنگەی نوێ بۆ منداڵانی هاوڵاتیانی ئەم دەوڵەتە نوێیە بکرێنەوە. لە سەردەمی دەسەڵاتداریی عوسمانیدا ژمارەی خوێندنگەکان زۆر کەم بوو، هەروەها لەو خوێندنگانەدا تەنیا منداڵانی ئەفەندی و فەرمانبەرانی حکومەت دەیانخوێند ([7]). گەر بەگشتی بڕوانین، ئەوا دەبینین کە مامۆستابوون تایبەتمەندیی ئەو کەسانە بوو کە وەک شاگردی ئایینی لەسەر بنەمای دەرخکردن پێگەیشتبوون و پاشان پێگەی مامۆستای ئایینییان سەندبوو. کەواتە لە کوردستان لەپاڵ خوێندنگەی ئوسمانیدا، "بەتایبەتی" ترادیسیۆنێکی خوێندنگەیی ئایینی لە حوجرە و خانەقاکاندا سەروەر بوو، کە پاشان، لە ڕووی وەرگرتنی شێوازی بابەتەکانی فێربوونەوە، سووک و ئاسان لەنێو خوێندنگەی فەرمیی نوێدا درێژەی پێدرایەوە. لە هەردوو ڕووەوە، چە لە وەرگرتنی تێکستە ئایینییەکان و چە لە وانە خوێندنگەییەکاندا، "دەرخکردن"، "دەرخپێکردن" و "حیفزکردن" (یان بە زمانی گشتیی خەڵک: "لەبەرکردن")، کە سێ وشەی جیاوازن بۆ یەک تێگە، بریتی بوون لە شێوازی "بڕینی" پلە دانراوەکانی خوێندن — "بڕین" نەک پێگەیشتن. ئەم شێوازە سەروەرە خوێندنگەییە هەتا ئەمڕۆ لە لایەن مامۆستایانەوە پارێزراوە و نەوە بەدووی نەوەدا بەرهەمی دەهێننەوە.

ئێمە لە پرۆسەی دەرخکردندا دوو تەوەرمان هەیە: یەکەم، نووسراوی سەر کاغەز، کە ڕەهایەتیی پێدەدرێت، دووەم، خوێنەرەوەی چەندپاتکەرەوە. لێ کێشە کرۆکییەکەی ئەم ئەم دوو تەوەرە لەوەدایە کە ئەوە خوێنەرەوەیە ڕەهایەتی بە نووسراوی سەر کاغەز دەدات (لە ڕووی خوێندنەوە گەرەکە پێی بدات!)، واتا خوێنەرەوە بکەرێکی هەمەلایەنی و ساغکەرەوە نییە، بەڵکو بەندەیەکە و خۆی دەخاتە ژێر ڕکێفی نووسراوەکەوە: چۆن پیاوی ئایین لە ناخەوە لە بەردەم قورئاندا دەچەمێتەوە و هێدی هێدی ئەو بابەتە، کە ئەو نەشیاوە بتوانێت بیخاتە ژێر پرسیارەوە، دەخزێنێتە نێو هۆشی خۆیەوە و دەرخی دەکات، بە هەمان شێوە خوێندکاری خوێندنگە مامەڵە لەتەک نووسراوە دانراوەکانی بەردەمیدا دەکات. خوێندکار لێرەدا کەسێکە، کە هەر نووسراوێک وەک وشەی تۆمارکراو، واتا لە ڕووی فیزیکییەوە بەدەر لە ڕووە سایکۆلۆژییەکەی([8])، دادەنێت: دەیکات بە "شت"، ئەوجا ئەرکی خۆی لە دەرخکردنیدا دەبینێتەوە، پرۆسەکەش بە چەشنێکە، کە خوێندکار ڕستە بەدووی ڕستەدا، ئەوجا لە سەرەتاوە و لەتەک ڕستەیەکی پاش ئەواندا و هتد، ئەو شتە تۆمارکراوەی سەر کاغەز چەندپات دەکاتەوە و لەنێو هۆشی خۆیدا بەرجەستەی دەکات، لێرەشدا دەبێت هۆشی لە لای بێت، تاکو ئەو بابەتە لە ئاگایی ئەو دەرنەچێت و لەبیری بچێتەوە، لێ ئەمەی هەموو کات پێبەدینایەت، بۆیە، بەتایبەتی لە ساتەکانی پێش تاقیکردنەوەدا، نووسراوەکە بە پەشۆکاوی دەخوێنێتەوە، تاکو بەو ڕێیەوە هیچ نەبێت بتوانێت بڕێکی ڕستە بەرجەستێنراوەکانی نێو هۆشی هەتا کاتی تاقیکردنەوەکە لەنێو زاکیرەیدا ڕابگرێت، کە ڕەنگە (!) بۆی ببێت بە بەردەبازی پەڕینەوە بۆ قۆناغێکی باڵاتری خوێندن.

لەم ڕوانگەیەوە ئێمە فێرخوازمان نییە، واتا کەسێک کە خوازیاری فێربوونە، بەڵکو خوێندکارمان هەیە، کە لەبەر ئەوەی نووسراوی نێو کتێبەکان وەک وشەی تۆمارکراو دادەنێت و ئەرکی خۆی لە دەرخکردنیاندا دەبینێت، ئەوا ڕەخنەییانە ناکەوێتە پرسیار لەبارەی ناوەرۆکی بابەتە نووسراوەکان، یان لەبارەی ڕووە سایکۆلۆژییەکەی وشەی نووسراو. خوێندکار ناتوانێت هزرینێکی بەم چەشنە بەربخات، چونکە لە سەرەتاوە فێرنەکراوە. خوێندکار ئەوەی لەبیر براوەتەوە، کە وشەی تۆمارکراو لە پیت پێکدێت و پیت هێمای "دەنگ"ـە، واتا هێمای ئەو دەنگانەیە کە ئەو خۆی وەک منداڵ دەربیبڕیون و سەرەتا بۆ ئەو واتایان هەبووە. هەر بۆیە ئەو نە ڕێزی بۆ دەربڕینی خۆی هەیە و نە دەتوانێت لە دەربڕینی کەسانی دی وردبێتەوە؛ بەڵێ ئەو تەنیا وەک کوڕێک یان کچێک سووک و ئاسان دەدوێت: بە هەولێری، سلێمانی، دهۆکی، هەڵەبجەیی یان پشدەری و هتد. ئەو گەر تەنانەت لە ئایندەدا، لە پلەیەکی باڵای خوێندندا، هەڵوێستێکی توێژەریانە وەربگرێت، ئەوا لەسەر ڕێسای هەمان ترادیسیۆن، کە ڕێسای ڕەهایەتیدانە بە بابەتە نووسراوەکان، دەکەوێتە "نووسینی بەحسەکەی" ([9])؛ لێ ئەم کارە هەمیشە کورتهێنە، چونکە ڕەهایەتی بە بابەتەکانی دەدات، کە بێگومان هەڵوێستێکی چەوتە، چونکە نەشیاوە ئەو بابەتانە ڕەها بن، بەڵکو هەمیشە پەیوەندیدارن و بناغەی ئاڵۆز و هەمەلایەنی و تا ڕادەیەک نادیاریان هەیە، کە خوێندکار دەبێت بییان دۆزێتەوە و ئەوجا لێیان بکۆڵێتەوە. لێ ئەو هەرگیز ناتوانێت خۆی وەک کەسێتییەکی لێتوێژەرەوە هێمن بکاتەوە و ببێت بە بکەرێکی هەمەلایەنی، لێرەشدا هەر وشەیەک لە ڕووی جیاوازەوە بگرێت، ئەوجا ڕستە بەدووی ڕستەدا بکەوێتە دانوستاندنی ناوەرۆکی ڕستەکانی، یان بڕگەئاسا بابەتەکان وەربگرێت و کرۆکەکانیان بە شێوەیەکی ڕەخنەیی بپشکنێت، لێرەشەوە پرسیار هەڵبهێنجێت و پرسیارەکان ئاڕاستەی بابەتە نووسراوەکە و خودی خۆی بکاتەوە، پاشان بییان کات بە بابەتی دانوستاندن لەتەک "مامۆستا"دا. لێ گەر لەم لایەنەدا ڕەوشی شاز هەبێت و فێرخواز لەبریی خوێندکار کاریگەر بێت یان بکەرێکی زانستی لە زانکۆ دەربکەوێت، ئەوا ئەو هێشتا هەر ناوێرێت ڕێگەی فێربوونی خۆیی ئاوەڵا بکات، چونکە دەترسێت کە مامۆستا بیشکێنێت یان کینی لێ هەڵبگرێت و "دەری نەچێنێت". جەنابی مامۆستا خۆی لەسەر شێوازی دەرخپێکردن بەخێوکراوە و ئامادە نییە بە هیچ شێوەیەک لە ڕێگەی ترادیسیۆنیی خوێندنگەیی لا بدات.

لەنێو هەمان شێوازی خوێندنەوە مامۆستایانی نوێ "دێنە ئاراوە". ئەوان تەنیا دەتوانن ئەو بابەتانە بە خوێندکاران بگەیەنن، کە لە "پەیمانگەی مامۆستایان" یان لە "کۆلێژی پەروەردەی زانکۆکان"دا وەک بابەت وەریان گرتوون، بەبێ ئەوەی هەرگیز بتوانن کەرەسەی وانە وەک کێشەی فێربوون ئاوەڵا بکەن. هۆیەکی ئەمە لەوەدایە، کە مامۆستایان خۆشەویستییان بۆ "پەیڤ" و هۆشی ئاوەڵاکراوی نێو تێکست نییە، بەڵکو مامۆستایەتی وەک پیشەیەکی مووچەمسۆگەر دەبینن، کە بەڕێیەوە پێگەیەکی کۆمەڵایەتییان بردۆتەوە. بۆیە ئەوان تەنیا بەو بابەتانە کار دەکەن، کە وەک بابەتی وانە تەرخان کراون — ئەمە لە بنەڕەتدا پێناسەی تێگەی مامۆستایە. ئەو وەک پیشەگەرێک، کە مووچەیەکی مسۆگەری هەیە، کارێک ئەنجام دەدات کە کۆمەڵایەتییانە دیاری کراوە و ئەویش خۆی وەک کەسێکی سۆسیۆکولتووری پێی

ڕەزامەندە، هەر بۆیە ئاسۆی زانینی سنووردارە و ناتوانێت لە خۆی وەک فێرکار تێبگات، ئەوجا ببینێت کە ئەو وەک ئەم فێرکارە کەوتۆتە بەردەم زەرووڕەی فێرخوازیی خودی خۆی. مامۆستا بابەتەکانی وانە لە ڕەهایەتییاندا، وەک شت، بە خوێندکاران دەگەیەنێت و هاوکات داوای بۆگەڕاندنەوەی ئەو بابەتە ڕەهایانەیان لێ دەکات.

## 2-1 خۆشەکردنی ترادیسیۆنی و زمان

ئەرکی مامۆستا لە خۆشەکردنی ترادیسیۆنیدا گەیاندنی زانستە وەرگیراوەکانە، لەم ڕەوتەشدا خوێندکاران ناچار دەکات ئەو بابەتە گەیەنراوانە بخوێنن. ئێمە لێرەدا نەک تەنیا کەسێتییە سۆسیۆکولتوورییەکەی مامۆستا و درێژەپێدانی شێوازی دەرخپێکردنمان هەیە، بەڵکو هەروەها، لە ڕووی جوانناسییەوە، "بێسەلیقەیی" مامۆستا بەرانبەر خۆدەربڕین و ئەو بابەتانە دەبینین کە بە وشە لەسەر کاغەز دارێژراون. مامۆستا تەنیا وەک کەسێکی ئاسایی نێو پەیوەندییە سەرجەمییە کۆمەڵایەتییەکان کردار دەنوێنێت، بەبێ ئەوەی لەم پەیوەندییەشدا هەرگیز مۆرک و دیالێکتە ناوچەییەکەی خۆی لەدەست بدات. ئێمە لێرەدا لەنێو توخمیترین کێشەی خوێندنی خوێندنگەییداین، لێرەشدا ئیدی بەتەواوی ئەو هەقیقەتەمان بۆ ساغ دەبێتەوە، کە کاری مامۆستایەتی، بەڵێ، لە سەرووی ئەمەشەوە، نووسینەوەی زانستە جیاوازەکان لەسەر کاغەز، جا ئەوە وەرگێڕانی پلانە خوێندنگەییە ئەرەبییەکان یان دانانی کتێبەکان بێت بە کوردی، تەنیا ئەنجامدانی ڕاسپاردەیەک یان "پیشەیەک"ـە، نەک بەجێگەیاندنی پرۆژەیەکی فێرکاری کە کتێبدانەران بە وردی لێی هزربیێتن و بە ئەوپەڕی پەرۆشەوە بەجێیانگەیاندبێت. ئاخر لەم ڕەوشەدا بەڕوونی خویا دەبێت، کە پسپۆڕانی کتێبدانەر یان کتێبئامادەکەر و مامۆستایان کەمترین چێژیان بۆ "پەیڤ" و هێماکانی پەیڤ، بۆ وشە و ڕستەی تۆمارکراو نییە، ئەمەش لە بنەڕەتدا "هۆیەکی" سەرەکییەکە بۆ ئەوە کە بۆچی کێشە توخمییەکانی زمانی کوردی تا ئەمڕۆ چارەسەر نەکراون. ئاخر گەر بەلای مامۆستایانی زمانەوە، یان بەگشتی بەلای سەرجەم مامۆستایانی بەشە زانستییە جیاوازەکانەوە، ئەم کێشە توخمییە هیچ واتایەکی نەبێت، ئەویش چونکە نەکەوتوونەتە نەسازییەکەوە لە نێوان داواکارییە هۆشەکی-زمانەوانییەکانی خۆیان و "کوردیی تۆمارکراو"دا، ئەوا لای ئەوان هیچ ئاگاییەک بۆ ئەم کێشەیە و سەرەنجامەکانی سەرهەڵنادات.

ئەم بەدڕەوشە زمانییە لە خوێندندا بە شێوەیەک کەوتۆتەوە، کە "زمانی کوردی" خۆی بووە بە کێشە بەربەستییەکەی خوێندن و ئاوەڵابوونی هۆشی زانستیانەی خوێندکاران. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم کێشەیە پێویستە لە دوو ڕەوش بڕوانین: یەکەم، "کوردی" زمانێکی دواکەوتووە ([10])، دووەم، "کوردی" زمانێکی شێواوە، یان ڕاستتر ببێژین، زمانێکی شێوێنراوە.

یەکەم، دواکەوتوویی زمانی کوردی لەوەدایە کە ئەم زمانە "بەدەگمەن" دەسوێژی هزرینی مامۆستایان (ی قەدیمی و قەدیمیی ئەمڕۆ) بووە، بەڵکو ئەوان بە ئارەبی، کە زمانێکی دەوڵەمەند و بەگشتی بابەتهەنگێوەرە، هزریون، ئەوجا لە "هەستی نەتەوەییەوە" هەندێک کاری هۆشەکییان بە کوردی ئەنجام داوە، لێ لەبەر ئەوەی هزرینەکەیان کوردی نەبووە کە لە ڕەوتیدا واژە و تێگەکان هەڵبهێنجن و بەمەش بەرجەستەیان بکەن، ئەوا لە ڕەوتی داڕشتنندا بە کوردی کەوتوونەتە سەر لێژییەکی زمانەوانی لە ئارەبییەوە بۆ کوردی، کە ئیدی سادەیی زمانی کوردی بۆ ئەوانی پاشپاتکەرەوە بووە بە ئاستەنگ و نەیهێشتووە تێگەیەکی بە ئارەبی چەسپێنراو لە هەمان مەغزای قووڵدا بەکوردی بدەنەوە.

بێگومان ڕاستە، کە ئەم لێژییە تەنیا هزری نییە، واتا تەنیا کێشەیەکی مامۆستای قەدیمی نەبووە، بەڵکو هاوکات لەنێو خودی زمانەکانەوە دراوە. لە لایەک زمانی ئارەبی وەک زمانێکی "هۆشەکی" کە لە کرداری (ڤێربی) ڕابوردووەوە وشە دەسازێنێت، لە لایەکی دی زمانی کوردی وەک زمانێکی "ناتورالیستی" کە بەزۆریی لە دەرککردنەوە وشە دەسازێنێت، زۆر کەم شیاوی ئەوەن بخرێنە پەیوەندیی زمانەوانییەوە، کەواتە زمانی ئارەبی بەم مۆرکە دیاریکراوەیەوە ناتوانێت ببێت بە زمانی ستاندارت بۆ شکۆفەی زانستییانەی زمانی کوردی، بەڵکو لەو نەگونجاوییە زمانەوانییە ناوبراوەدا زمانی کوردی وەک لاساییکەرەوەی زمانی ئارەبی کارا دەکرێت. ئاخر ئاشکرایە ئەو هزرە کە دەتوانێت لە "فهم"ـەوە "مفهوم" بباتەوە، گەرەکە مرۆڤ زمانفەلسەفەیی لێی تێبگات، نەک وەک هۆزانڤان و مامۆستای کورد لە بەردەم "فهم"دا دۆش دابمێنێت، ئەوجا بە چاوی زەقەوە لە دەرەوە بڕوانێت و لە چمکی کراسی ژنانەوە "چەمک" وەربگرێت!! بەڵگەیەکی دیکە بۆ کارانەبوونی ئاوەز لە هەڵهێنجانی واژە زانستییەکاندا بریتییە لە واژەی "بیرکاری"، کە بۆ ماتماتیک دانراوە. گەر ئاوەز لەم ڕەوشەدا کاری بکردایە، ئەوا یەکسەر دەیزانی کە هەموو کارێکی هزری، جا فیزیکی بێت یان پزیشکی، ماتماتیکی بێت یان فەلسەفەیی و هتد، بیرکارییە، لێرەشەوە ئیدی ئەو دەرەنجامە دەکەوتەوە، کە بیرکاری ماتماتیک نییە.

بەڵگەکان زۆرن بۆ کارانەبوونی ئاوەز لە وشەسازی یان وشەداتاشیندا. بۆ نموونە قەدیمییەکان نەیاندەزانی "نوقتە" چییە؛ ئاخر گەر ئەوەیان بزانیایە، واتا متماتیکییانە بهزرینایە، ئەوسا هەرگیز پێیان نەدەکرا واتاکەی لە "خاڵ"ی سەر ڕوخساردا ببیننەوە کە "شت"ێکی دیارە بە ڕوخسارەوە و مرۆ بە چاو دەرکی دەکات. یان ئەقڵیەتی ئەوان هەر ئەوەندە بڕی دەکرد، کە "مناخ" (کلیما) بۆ "ئاو و هەوا"، "اخبار" بۆ "دەنگ و باس"، "شهرە" بۆ "ناو-بانگ"، "ئیمتحان" بۆ "ئەزموون"، و هتد وەربگێڕن. لێ ئەمە هەمان ئەو ئەقڵییەتەیە، کە بەلایەوە ئاساییە ببێژێت: دەم-و-چاو (نەک ڕوخسار)، زگ-پڕ، گۆڕە-پان، ئاو-دەست-خانە، کشت-و-کاڵ (لەبریی کشتیاری)، گەشت-و-گوزار (لەبریی گەشتیاری)، زانکۆ (نەک زانستگە)، "قاوەخانەی قۆری و پیاڵەکە" (کە ناوی "نالی"یە). پاشان ئەم ئەقڵییەتە لە سەرەتای "هەشتاکان" بەدوواوە پتر دازنا، کە ئیدی مرۆڤ لە شارەکانیشدا ئەوهای لێهات کە وشەی "نێرەکەر" بۆ پیاوی ئازا

بەکاربهێنێت، هەروەها چیدی جگەرە نەکێشێت و ئاو نەخواتەوە، بنێشت نەجوێت و حەب قووت نەدات، بەڵکو "هەموویان" بە هەمان شێوەی نان بخوات!

هۆیەکی دیکە بۆ دواکەوتوویی زمانی کوردی لەوەدایە، کە ئەم زمانە زۆر کەم بۆ زمانەکانی "گریکیی کۆن" و "لاتینی" ([11])، کە هەناوی سەرجەم زمانە زانستییە ئەوروپییەکانن و تەنانەت ڕاستەخۆ کاریگەرییان لەسەر زمانی ئارەبی هەیە (لە نێو خودی قورئاندا لەپاڵ وشەی کوردی و پەهلەویی و سریانیدا وشەی گریکیی کۆن هەن، وەک: کالیموس = قلم، نۆمۆس = ناموس، لۆگۆس = لغە و هتد). لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ هەر خەریکبوونێکی زانستی ڕاستەوخۆ دەکەوێتە بەردەم زانستی مۆدێرنی خۆرئاوایی، ئەوا بەناچاری دانەوەی بڕێکی فرەی ئەو واژانە سەرهەڵدەدات، کە نەشیاوی وەرگێڕانن بۆ کوردی؛ ئەمەش بۆیە ئەوهایە، چونکە ئەو واژانە لە ڕوویەکەوە واژەی تایبەتیی زانایەکن و خوێندکاریش گەرەکە بە هزری یان زانستی ئەو زانایە ئاشنا بکرێت، لێ ئەم کێشەیە لە ڕوویەکی دیکەوە بۆ دواکەوتوویی زمانی کوردی دەگەڕێتەوە، واتا بۆ ئەو نالەبارییە، کە ئەم زمانە توانای گوزارشتکردنی لە زۆر ڕەوش و بابەت نییە.

بەم شێوەیە لە بەدکارییە زمانەوانییەکانی مامۆستایانی قەدیمییەوە دەگەین بە شێوێنراویی زمانی کوردی. ئێمە لێرەدا لە لایەک دەکەوینە بەردەم کەمیی واژەی بابەتگر و نەبوونی واژەی زانستیی چەسپێنراو، کە "بۆ هەمووان چواندنیان هەبێت"، لێ لە لایەکی دی دەکەوینە بەردەم نەبوونی ڕێنووسی چەسپێنراو و کێشەی هێماکانی ڕستە (نوقتە، کۆما، نیشانەی پرسیار و سەرسوڕمان، هتد)، کە ئەمیش لە بێتوانایی زانستیانەی قەدیمییەکانەوە سەری هەڵداوە — چونکە ئەوان، یان "هەر یەکەیان وەک بلیمەتێکی زمانەوانی"، بەردەوام لە ڕێزماندا کاریان دەکرد و لە خۆویستییانەوە نەیان دەتوانی لەسەر یەک ڕێسای زمان ڕێکبکەون. سەرەنجامی ئەم شێوێنراوییەی زمانی کوردی ئەوەیە، کە ئەمڕۆ نەشیاوە دوو کتێبی دوو نووسەری جیا، تەنانەت لە زۆر ڕەوشدا دوو کتێبی یەک تاکە نووسەریش ببینین، کە بە هەمان تێگەی زانستی، بە هەمان ڕێنوس و ڕەچاوکردنی هەمان هێمای ڕستە نووسرابن ([12]).

ئەم بەدڕەوشانە ڕاستەخۆ کاریگەریی نێگەتیڤیان لەسەر هۆشی خوێندکاران هەیە، چونکە بۆ ئەوان زمانێکی ستاندارتی زانستی نییە کە یاریدەیان بدات هۆشی خۆیان لە ڕەوتی کارکردنی زانستیدا ڕێکبخەن و لۆگیکییانە لە گۆزارەوە گۆتە چێبکەن. ئەم کێشەیە بەتەواوی ڕوون دەبێتەوە، گەر بڕوانین، کە تەنانەت خوێندکارانی زانکۆکان (بێگومان زۆرینەی مامۆستایانیشیان) نازانن دوو ڕستەی ڕاست بە کوردی بنووسن، هاوکات هیچ گرنگییەک بە کۆما و نوقتە، نیشانەی سەرسووڕمان و پرسیار نادەن. لێ ئەمە هاوکات ئەو واتایە دەگەیەنێت، کە ئەوان ناتوانن لە هیچ زانستێکدا بە پوختی قووڵ ببنەوە، چونکە قووڵبوونەوەی زانستی بەبێ زمان ناشێت. زمانێکی پوخت لە لایەک بابەت و ڕەوشەکان هەتا ڕادەی شیان لە چۆنێتیی خۆیاندا دیاری دەکات و بەمەش بۆ تێگەیشتن ئاسانیان دەکات، لێ لە لایەکی دی ئەم زمانە پوختە دەبێت بە فاکتەری ئاوەڵاکەری هۆشی خوێندکار، ئەویش بەوە، کە ئەو دەتوانێت لە بابەت

و ڕەوشە لێتێگەییوەکانەوە دەرەنجامی لۆگیکی دەربکێشێت و لێرەشەوە پەیوەندیی هۆشەکییانەی نوێ بهێنێتە ئاراوە .(13)

لێ ئەم بەدڕەوشە، کە خوێندکاران بەگشتی بەسەر زمانەکەی خۆیاندا سەروەر نین، تەنیا لە ڕوویەکەوە بۆ خودی زمانی کوردی دەگەڕێتەوە؛ ڕووەکەی دیکەی ئەم کێشەیە دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی خوێندنی خوێندنگەیی، واتا بۆ شێوازی دانانی بابەتەکانی "خوێندنی کوردی" و ئەوجا شێوازی وانەبێژیی مامۆستا (14). شێوازی خوێندنی کوردی بەو چەشنەیە، کە، وەک لە سەرەوە لە ڕەوشی دەرخکردندا پێشانمان دا، خوێندکار تەنیا فێر دەکرێت ڕێساکانی ڕێزمان، یان یەکێک لە ڕێنووسەکان، ئەوجا برێک لە ئەدەبی کوردی زۆر بە یەکلایەنی، وەربگرێت و ئەو بابەتە وەرگیراوانە لە تاقیکردنەوەکاندا بداتەوە. بێگومان لێرەدا مامۆستا فاکتەری سەرەکیی کێشەکەیە: ئەو، کە پەروەردەیەکی ترادیسیۆنیی هەیە، لەسەر ئەو دابە ترادیسیۆنییە وەک مامۆستا کارا دەبێت، واتا: ڕێزمان و ڕێنووسێک، کەمێک ئەدەبی کوردی و هتد، بە خوێندکاران دەگەیەنێت، ئەمەش بێگومان وەک کەسێکی ناوچەیەکی دیاریکراو نەک وەک مامۆستایەکی کوردی بە زمانێکی ستاندارتەوە، کە بە حەوسەڵەوە لەتەک خوێندکاراندا ڕاهێنانی هزری و زمانەوانی ڕووەو "فێربوونی ئاخافتنی دروستی کوردی" ئەنجام بدات. مامۆستا، وەک کەسێکی ناوچەکەی خۆی، کە پێگەیەکی لە بواری پەروەردەی سوننەتیدا گرتووە، بەبێ هیچ هەڵوێستێکی خۆبگۆڕ و خۆنوێکەرەوەی بکەریانە درێژە بە شێوازی خوێندنی خوێندنگەیی دەدات، ڕێساکانی زمان تەنیا وەک تۆمارکراوی نێو کتێب بە خوێندکاران دەگەیەنێت، واتا بە هیچ شێوەیەک ڕەچاوی ئەو هۆشە یان هزرە ناکات کە "لە ڕستەکاندا" دەربڕراوە، چونکە ئەو خۆی پێداویستیی لە بواری هزردا نییە، بۆیە بە هیچ شێوەیەک لای ئەو پرسیاری ڕاهێنانی هزری لەتەک خوێندکاراندا سەرهەڵنادات.

## 2- پەروەردەی فێرکاریی نوێ

بۆ ئەوەی بتوانین کێشەی فێرکاری دیاری بکەین، دەبێت جیاوازییەکەی لە شێوازی دەرخکردن دیاربهێنین. لە شێوازی دەرخکردندا، وەک لەسەرەوە بینیمان، نووسراوی سەر کاغەز سەربەخۆ لە کەسی خوێنەرەوەی دادەنرێت و کەسیش ناچار دەکرێت خۆی بخاتە ژێر ڕکێفی نووسراوەکەوە، ئەوجا بۆ نموونە وەک خوێندکار هەوڵ بدات ئەو نووسراوە ڕستە بە ڕستە لەنێو هۆشی خۆیدا تۆمار بکات. لێ فێربوون بە پێچەوانەوە هەمیشە ڕاهێنانێکی هۆشەکییە کە تێیدا کەسی خوازیاری فێربوون هەڵوێستێکی چالاک بەرانبەر نووسراوی سەر کاغەز وەردەگرێت، چونکە نەک نووسراوە تۆمارکراوەکە، بەڵکو بابەتێک یان کێشەیەک کە لەو نووسینەدا داڕێژراوە، تەحەدای ئەوی خوێندکاری کردووە. لەم ڕوانگەیەوە کەسی فێرخواز ئەو نووسراوە چە لە ڕووی فیزیکی (واتا وەک وشەی تۆمارکراوی سەر کاغەز) و چە لە

ڕووی سایکۆلۆژییەوە (واتا وەک ڕاگەیەنەری ڕووداو یان ڕەوش) دەناسێتەوە، بەمەش نووسراو لەنێو سرەوتێنراوییە فیزیکییەکەیەوە دەخاتە بزووتن. بە شێوەیەکی دی ببێژین، هۆشی ئاگامەندی کەسی دەرککەر ئەو ناوەرۆکە ناسراوە دەبزوێنێت و لەتەک خۆیدا دەیخاتە پەیوەندییەوە.

مەرجێکی بنەڕەتی لە پەروەردەی فێرکاریدا ئەوەیە، کە سەرەتا منداڵ وەک خودی منداڵ بناسێنرێت، ناساندنیش ئەو واتایە دەگەیەنێت، کە چیدی جیهانی منداڵ لە ئاگایی کاملانەی مامۆستاوە دیاری ناکرێت و بڕیاری بەسەردا بدرێت، بە پێچەوانەوە فێرکار ڕەچاوی جیهانە تایبەتمەندەکەی منداڵ دەکات، لێرەشدا ئاگاییەکی ڕوونی سەبارەت بەو ڕاستییە هەیە کە جیهانی منداڵ تا ئەمڕۆ مەتەڵێکە و ڕەنگە هەرگیز هەڵنەهێنرێت. ئاخر لە هەموو هەوڵێکدا بۆ هەڵهێنانی ئەو جیهانە مەتەڵئاسایە هەمیشە بڕێک ئاگایی کاملانەی پێ تێکەڵ دەکرێت، ئەوەس ئاگاییەکە کە لە ڕەوتنی تەمەندا گۆڕراوە و مرۆڤ تێیدا لە کاراییەکانی کات و فەزا بەئاگایە. لە بنەڕەتدا پەروەردکار ئەوپەڕی دەتوانێت لەو جیهانەی منداڵ نزیک بکەوێتەوە، ئەوەشی پێبەدیدەهێنرێت، گەر ئەو لە هەڵوێستێکی بێلایەنەوە ڕێگەیەک ڕووەو ئەو جیهانە تایبەتمەندەی منداڵ بگرێتە بەر کە ئەو لەنێو خۆیەوە دروستی دەکات ([15]): گەر منداڵ لە ژوورەوە کورسییەک هەڵبگێڕێتەوە و بیکات بە ئۆتۆمبێل، ئەوجا لەسەری بئاژوێت، ئەوا ئەو بەڕاستی بەنێو جادە و کۆلاناندا ئۆتۆمبێل دەئاژوێت! ئەو دروستکەری جیهانەکەی خۆیەتی و لەنێویدا دەژی ([16]). لە ناساندنی بەم چەشنەدا ئیدی کۆتایی بەو هەوڵە سوننەتییە هێنراوە کە دەیەوێت بەزۆر منداڵ ئاوەزمەند بکات- کاتێک ئەو جارێ لە تەمەنی ئاوەز زۆر دوورە. ئاخر ئاوەز دراوێکی ئەزەلی نییە، بەڵکو لە پەیوەندیی نێویەکییانەی تاکەکەس و ژینگەی کۆمەڵایەتی و سروشتییە ئەوەوە شکۆفە دەکات.

لە بنەڕەتدا لەم تەمەنەدا یەکەم بەردی بناغەی فێرکاری دادەنرێت، چونکە منداڵ لەم تەمەنەدا نەک تەنیا دەتوانێت ئەندێشەکانی بژێنێت و بە وشە دەریان ببڕێت، بەڵکو تەنانەت دەتوانێت خۆی بە فەلسەفاندن دەرببڕێت ([17]): ڕامانی ئەو لە دیاردە هۆشەکی و کولتوورییەکان هەستێکی زیندووە، کە ئەو بە وشە سادە و پڕمەغزاکانی دەریان دەبڕێت. لە بنەڕەتدا ئەمە زەمینەی ئاوەڵابوونی ئەو فێرخوازەیە وەک بکەر کە سەروەری خودی خۆیەتی و هەر کارێکی خوازراوی خۆی ئەنجام دەدات.

پرسیارێکی کرۆکی، کە لە پەروەردەی فێرکاریدا سەرهەڵدەدات، بریتییە لە پرسیاری "بکەرێتیی فێرکار". ئێمە لەم ڕەوشەدا چیدی ئەو مامۆستایەمان نییە، کە لەنێو پۆلدا خوێندکارانی هەبێت و بەزۆر زانینی کۆکراوەیان بەسەردا بسەپێنێت، بەڵکو کەسێتییەکمان هەیە، کە هەوڵ دەدات بە شێوازی فێرکارییەکەی فێرخوازان بۆ هزرین لەبارەی بابەتەکە ببزوێنێت، پاشان هەر ئەم بزوێنراوییەی ئەوان وا بکات کە پرۆسەی وانە بەرەو پێش بچێت. فێرکار لێرەدا خۆی بکەرێکی نێو بکەرانە کە بابەتی وانەکەی لەتەک فێرخوازاندا ئاوەڵا دەکات، ئەمەش کارێکی شیاوە، چونکە بابەتی وانە پەیوەست بە ئاستی گۆڕانی هۆشەکیی فێرخوازانەوە وردکردۆتەوە، بۆیە ئەوانیش دەتوانن بکەرییانە وەری بگرن

و پاشان لای خۆیان هەوڵی تێگەیشتنی بدەن. بەم ڕێیەوە دەرفەت دەڕەخسێت کە فێرخوازان زانینەکانی نێو هۆشیان ڕێکبخەن، واتا ئەوان لە لایەنی خۆیانەوە چالاک دەبن و بۆ تێگەیشتن لە بابەتی وانەکەیان ڕەچاوی کەرەسەی دیکە دەکەن، لێرەشەوە دەتوانن بە لێهزرین ڕۆبچنە نێو ئەو پەیوەندییە کرۆکییانەوە کە لەنێو زانینەکاندا هەن. کەواتە ئەوان بە پشکنینی ڕەخنەیی لە خودی بابەتەکان هەوڵی تێگەیشتن لێیان دەدەن نەک کوێرانە وەریانبگرن و بییاندەنەوە.

لێ ئەم تێڕوانینە واتایەکی ئەوتۆ دەگەیەنێت، کە فێرکار "زانستی تەواوکراوی" نییە و هەرگیز ناتوانێت هەی بێت، بەڵکو ئەو لە لایەک کێشەکانی فێرکاری لە پەیوەندیی جووتلایەنیی نێوان تێکست و ئاگایی خۆیەوە گۆڕان پێدەدات و بۆ تێگەیشتن شیتەڵیان دەکاتەوە، لێ لە لایەکی دیکە ئەو خۆی ئەم گۆڕانەی ئێستا دەخاتە پەیوەندییەوە لەتەک فێرخوازانیدا، لەم پەیوەندییەشەوە سەرلەنوێ پاڵهێز بۆ قووڵبوونەوەی خۆیی لە بابەتەکانی فێرکاریدا وەردەگرێتەوە. کەواتە فێرکار خۆی لەنێو پرۆسەیەکی بەردەوامی فێربووندایە، بۆیە ئەو چیدی "مامۆستا" نییە، هەروەها فێرخواز چیدی خوێندکار نییە، بەڵکو هەردوو لا یەکدی لەنێو پەیوەندییەکی نێوبکەریدا (ئینتەرسەبژێکتیڤیدا) تەواو دەکەن: فێرکار (کە چیدی مام-وەستا نییە) فێرخواز پێش دەخات، فێرخواز (کە چیدی مام-وەستایەکی بەسەر سەرەوە زیت نەبۆتەوە)، بە بەشداریکردن و پرسیارە فزوولییەکانی فێرکار پێش دەخات. ئیدی بەم شێوەیە کۆتایی بەو هەستە سوننەگەراییەش دێت کە فێرکار وەک سەروەرێکی شاناز هەیەتی و بە رواڵەتە دەرەکییەکان پێناسەی خۆی دەکات، بەڵکو فێرکاری بۆ ئەو دەبێت "بە ڕێگەیەکی نەبڕاوە" تا ئەو کاتە کە ئەو خۆی لەنێویدا ببینێتەوە.

## 1-2 فێرکاری و مێتۆد

ئەمڕۆ لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا زۆر لووتبەرزانە باس لە "مەنهەج" دەکرێت، لێرەشدا مرۆ مەبەستی لە مێتۆدە. لێ کێشە کرۆکییەکە ئەوەیە کە مرۆ وەک سوننەگەرا لە خۆرئاواوە وەریگرتووە، بەبێ ئەوەی لەتەکیدا ڕەچاوی ئەو بنەمایە بکات کە هزرینی یان توێژینەوەی مێتۆدی هەمیشە پێشمەرجێکی هەیە و بریتییە لە بکەرێکی (سەبژێکتێکی) زانستی ی جیاواز لە کەسێتیی سوننەگەرا. ئەم پرسە ڕوونکردنەوەی وردی گەرەکە.

ئێمە سەرەتا گەرەکە لەم پەیوەندییەدا جیاوازییەک بکەین لە نێوان ئاڕاستەوەرگرتنی بکەرییانەی زانستی لە لایەک، هەروەها دیاریکردنی دەرەکییانەی پێگەی زانستەکان لە لایەکی دی. لە هزرینی مێتۆدیدا شێوازی هزرینی خۆیی کە لە ترادیسیۆنەوە گەیەنراوە، دەخرێتە ژێر پرسیارەوە، ئەمەش هەڵوەشانگەرییەکی خۆییە و بەڕێیەوە ئەو ئاگاییە زانستییە ڕێکدەخرێت کە خۆی بە کارکردنی ئاگامەندانە ڕیالیزە دەکات. گرنگ بۆ ئەم شێوەیەی هەڵوەشانگەری خۆیی ئەوەیە کە مێتۆد "ڕێگەیەکی هزرین"ە و بەڕێیەوە ڕێگەهزرینی خۆیی ڕێکدەخرێت، بۆ نموونە مێتۆدی ڕاسیۆنالیزم،

ئەمپیریزم، فێنۆمێنۆلۆژی و هتد. لێ لەبەر ئەوەی ئێمە لەم پرسەدا ڕێگەهزرینمان هەیە، ئەوا پرسیارەکە لە مێتۆددا ڕوو ناکاتە ئەوە کە داخۆ مرۆڤ "چی" بزانێت (ئەمە لە بنەڕەتدا کێشەی شێوە هزرینی سوننەگەرایە)، بەڵکو پرسیارەکە ئەوەیە کە "چۆن" مرۆڤ سەرەتا بە مەئریفە بگات و وەک کەسێتیی مەئریفەدار خۆی مێتۆدییانە بە هەر بابەتێکی زانستییەوە خەریک بکات، کەواتە زانای بوارێکی دیاریکراو بێت و کارەکانی بریتین نەبن لە کۆکراوەی سوننەگەرایانەی زانیاری (مەعلومات). لێ پرسیار لەبارەی "چۆن"ی گەیشتن بە زانستی بیناکراو لەسەر بناغەی مەئریفە ئەو مامۆستا زیرەکە ناگرێتەوە کە لە ئەزموونی چەند ساڵ مامۆستایەتییەوە نزیکەی سەرجەم کایە زانستییەکەی خۆی بە شێوەیەکی سنووردار و یەکلایەنی و تەواوکراو وەرگرتووە، ئەوجا وەک ئەم مامۆستا ئەزموونداره بابەتەکانی هەموو ساڵێک سەرلەنوێ دەخاتەوە بەردەم خوێندکاران. ئەوە هەروەها ئەو خوێندکارە زیرەکە ناگرێتەوە کە هەموو ساڵێک بە یەکەم دەردەچێت و هەرگیز پرسیار لەبارەی پرۆسەی هزرینی خۆی ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە "شتەکان" سووک و ئاسان دەرخ دەکات. لەم ڕوانگەیەوە لە هزرینی مێتۆدیدا کوڕەی ئاقڵ / کچەی ئاقڵ هیچپێنراوە (نەفیکراوە)، واتا ئەو جۆرە کەسێتییە سوننەگەرایە لەکارخراوە، کە لە سەرەوە بەرەو خوار دەڕوانێت، واتا زانیارییەکانی بە لوتکەی زانین دادەنێت (18).

ئێمە لێرەدا کێشەیەکی جیهانبینیی کوردەکانمان بۆ ڕوون دەبێتەوە: لای ئەوان زانستەکان پلە بە پلە هەڵچنراون و بۆ خۆیان هەن، ئەوجا ئاقڵترین کەسانیش ئەوانەن کە پلە بەرزترینەکان تەواو دەکەن، بە تایبەتی پزیشکی، بێگومان هەروەها ئەندازیاریش بە هەموو بەشەکانییەوە! لێ ئەمە لە بنەڕەتدا کێشەیەکی کرۆکیانەی کۆمەڵگەی سوننەگەرایە کە "موهیمبوون" و "لوتکەکان"ی لە دەرەوە پێناسە کردووە. بەڵێ لە کۆمەڵی داخراوی کوردیدا تەنانەت بوونێکی ڕەها بە زانستەکان دەدرێت، ئەمەش لە بنەڕەتدا بەکاربردنی ڕاستەوخۆی ئایینی سوننەگەرایە کە ڕەهایەتی بە کتێبی پیرۆزی موسڵمانەکان دەدات، کەواتە وەک نەشیاوی پرسیارلێکردن وەریدەگرێت و دەیسەپێنێت.

لە بنەڕەتدا هۆیەکی سەرەکی بۆ ئەوە کە کەسان بەگشتی لە مێتۆد تێناگەن، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کۆمەڵە ئیسلامییەکان و کولتووری ئیسلامی بە چەشنێک مرۆڤانی خۆیان خۆشە دەکەن، کە ئیدی لە سەرەنجامدا دەبن بە کەسێتیی ڕۆڵوەرگرتووی کۆمەڵایەتی وەک پیاو و ژن، کوڕ و کچ، نەنک و باپیر. خاڵ و مام و پوور، ئامۆزا و خاڵۆزا و پورزا، دروانسێ و دۆست و دوژمن و هتد، ئەمەش شێوەیەکی نامۆبوونە لە خۆ کە وادەکات ئەوان ناتوانن گۆڕان بە تێگەی "مرۆڤ" بدەن. ئەوجا هەر ئەم جۆرەی کەسێتییە کە لە بوارە زانستییەکاندا، یان لە بوارە پیشەییەکانی وەک مامۆستایەتیدا، کار دەکات. بە ئاڕاستەی بەرەڤاژ ببێژین، تاکەکەس لە دەرککردنی مرۆڤێتیی خۆ و دۆخە هۆشەکییە ناخییەکانی خۆوە، ئەوجا لە هەڵوەشانگەریی ڕەخنەییەوە لەگەڵیاندا، دەبێت بەو بکەرە زانستییە کە مێتۆدییانە کار دەکات، کەواتە ئەوە پەڕینەوەی ڕەخنەییانەی کەسێتیی سۆسیۆکولتوورییە بە ئاڕاستەی کەسێتییەکی ڕەخنەیی کە هەر نووسراوێکی بەردەمی ڕەخنەییانە دەسەنگێنێت.

## 2-2 خەریکبوونی هۆشەکی لەتەک بابەتەکانی وانەدا

بابەتەکانی وانە لە خوێندنی باوی سوننەتیدا وەک "شت" دادەنرێن و وەک شت دەخزێنرێنە نێو هۆشەوە، لێ فێربوون بە پێچەوانەوە پرۆسەییە و هۆشی فێرخواز بەنێویدا پەیوەست بە بابەتە فێرکارییەکانەوە ڕەت دەبێت. ئێمە پێویستە لەم پرۆسەیەدا پلەی جیاوازی فێربوون دیاری بکەین، تاکو بتوانین لە کۆتاییدا لە ڕووی هۆشەکییەوە بەسەر ئەو کێشانەدا سەروەر بین کە لە ڕەوتی فێربووندا کردوومانن بە بابەتی پێوەخەریکبوون. بۆ ئەوەی چاکتر بچینە نێو ئەم کێشەیەوە، ڕەوشی فێربوونی هەر تاکە بابەتێک بەگشتی وەردەگرین کە لە وانەدا دەهێنرێتە پێشەوە ([19]).

فێرخواز لە هەر وانەیەکدا هەمیشە و سەرەتا بە "بابەتی نوێ" دەگات. بۆیە لەم بەیەکگەیشتنەوە پەیوەندییەکی لێژ بە سەرەنجامێکی جووتەنییەوە یان بە دوو سەرەنجامەوە دێتە ئاراوە: فێرخواز دەشێت ڕابمێنێت یان بسڵەمێتەوە، یان دەشێت هەردوو ڕەوشی ناوبراو لەنێو هۆشیدا بێنە گۆڕێ.

ئێمە دەتوانین گریمانە بکەین کە لە بەیەکگەیشتنی فێرخواز و بابەتی نوێی وانەوە گرنگیپێدان و نوێخوازی (فزوولیەت) لای فێرخوازی ڕاماو دێنە گۆڕێ. هاوکات پەیوەندییە نێوبکەرییەکەی (ئینتەرسەبژێکتیڤەکەی) نێوان فێرکار و فێرخواز وا دەکات کە پرۆسەی وانە پێشڤەبچێت، چونکە وانە وەک پرۆسە مێژوویەکی هەیە، لێرەشدا ئەوە فێرکار و فێرخوازن کە پێکەوە، لە پەیوەندیی نێویەکییانەی خۆیانەوە، ڕێکخستی کاتەکییانەی بابەتەکە پەیوەست بە زانستی ئەو مێژووەی وانەوە ئەنجام دەدەن. تەنیا ئەم چالاکییە نێوبکەرییە کەشێکی زانستی لەنێو پۆلدا دەهێنێتە ئاراوە.

لێ بە پێچەوانەوە "سڵەمینەوە"، کە ڕووداوێکە لە ڕەوتی فێربوونی نێو دامەزراوەدا سەرهەڵدەدات، چارەسەری پێویستە. فێرکار و فێرخواز دەتوانن پێکەوە چارەسەرێک بدۆزنەوە. ئاخر فێرکار ناتوانێت ئەو فێرخوازانە وەلاوە بنێت کە بەهۆی سڵەمینەوەیان لە بابەتێکی ئاڵۆز و نوێ تووشی ڕەشبینی سەبارەت بە فێربوون هاتوون. لێ لەبەر ئەوەی سڵەمینەوەکە لە خوێندکاردا هاتۆتە گۆڕێ، ئەوا دەبێت ئەو خۆی سەرەتا هەوڵی چارەسەرکردنی بدات، یان خۆی بۆ چارەسەرە پێشنیارکراوەکان و خەریکبوونی ڕەخنەیی لەتەکیاندا ئاوەڵا بکات.

گرنگترین چارەسەر لە لایەنی خوێندکارەوە ئەوەیە، کە ئەو "سەبارەت بەو بابەتە نوێیە لێبهزرێت"، بەبێ ئەوەی هیچ تۆمارێک، تەنانەت هیچ تێبینییەکی نووسراوی نێو پۆل، بەکاربهێنێت. دەشێت ڕستەیەکی گرنگی دەربڕراویش بۆ هزرینی خۆیی لە کێشە یان بابەتی وانە پڕواتا بێت، چونکە ئەو تاکە ڕستە لێهزرراوە دەبێت بە ئیدێیەک کە بەدووی خۆیدا، بە یادهێنانەوە، ڕستەی دیکە بێدار دەکاتەوە، ئەوجا ئەو لەتەک یەکدیدا دەیان خاتە پەیوەندییەوە. بەدووی ئەمەدا، وەک هەنگاوێکی نوێ، فێرخواز دەتوانێت کەرەسە ([20]) بەکاربهێنێت: بابەتەکان بخوێنێتەوە، تاکو ڕەوشە

دیاریکراوەکانی نێو هۆشی خۆی پتەو بکات. ئەوەی فێرخواز لە پۆلدا دەینووسێتەوە یان لە لایەن فێرکارەوە پێی دەدرێت یان بە فەرمی وەک پرۆگرامی وانە دیاری کراوە، "شتێکی تەواوکراو نییە"، بەڵکو تەنیا کەرەسەیەکە. بەڵێ تەنانەت پەیوەند بە کتێبە فێرگەییەکانەوە دەتوانین ببێژین، کە ئەو کتێبانە پێشناری بناغەیین (گەرەکە پێشنیاری بناغەیی بن) بۆ ئەوەی فێرخواز بەکاریانبهێنێت، بەکارهێنانیش خەریکبوونێکی هۆشەکییانەی ئاگامەندە لەتەک ئەو کەرەسەیەدا. فێرخواز بەم رێیەوە ئاگایی خۆی رێکدەخات و بەم رێیەشەوە بەسەر بابەتەکەیدا سەروەر دەبێت.

فێرخواز بەدووی ئەمەدا دەچێتە قۆناغی ساغکردنەوەی بابەتەوە. ساغکردنەوەی بابەت سەرەتا بریتییە لە دەرهێنانی تێگەکانی ئەو بابەتە بە نووسین، پاشان گرتنی پوختەی کرۆکەکەی. فێرخواز بەبێ تێگەیشتن لە تێگەکانی بابەتێکی بە نووسین دارێژراو لەو بابەتە تێناگات. لێرەوە هۆشی بزوێنراوی فێرخواز خودی ئەو ناچار دەکات، سەرچاوە بەکاربهێنێت، سەرچاوەش دەشێت لە لایەن مامۆستاوە پێشنیار کرابێت. لێ ئەوە پێش هەموو شتێک ئەرکی فێرخواز خۆیەتی بەدووی سەرچاوەدا بگەڕێت، فێرکاریش گەرەکە هەر شێوەیەکی بەکارهێنانی سەرچاوەی گونجاوی لێوەربگرێت. گەر فێرخواز بزانێت چ سەرچاوەیەک بۆ کێشەکەی ئەو گونجاوە، ئەوا ئەو لە پلەیەکی چوستی هۆشەکیدایە؛ ئەو خاوەنی ئاگاییەکی بزێوە، واتا چیدی لە ئاستی هزرینی سەرەتاییدا نییە، بەڵکو دەزانێت چە شتێک ئەو لەم ئاستەوە بەرەو پێش دەبات. بەم پێیە ساغکردنەوەی بابەت بە یاریدەی سەرچاوە بەردەوام دەبێت. فێرخواز بەدووی ئەمەدا هەنگاو بۆ داڕشتنەوەی ئازادانەی ئەو کێشانە دەنێت، کە لەنێو هۆشیدا گەڵاڵەبوون. فێرخواز بەم داڕشتنەوەیە، یان بەم نووسینەوەیەی ئیدێکانی، چۆتە دۆخی بەرجەستەکردنی، واتا نووسینەوەی کێشەکان یان پرسیارەکان لەسەر کاغەز. بێگومان پێدەچێت کە جارێ شێوازی داڕشتن، پوختیی ڕستەکان و ڕێکخراوییان، هێندە گرنگ نەبن، لێ ئەم لایەنە لە کۆتاییدا هەر پێویستە، چونکە فێرخواز لە سەرەنجامدا هەر دەبێت بکەوێتە نووسینی بابەتی زانستی، ئەمەش بەبێ داڕشتنی پوخت و لۆژیکی ناشێت. لێ فێرخواز تەنیا کاتێک ئەمەی پێ بەدیدەهێنرێت، گەر ئەو بەسەر زمانی زگماگی خۆیدا سەروەر بێت و هەمیشە ئاڕاستەیەکی ڕەخنەیی بەرانبەر وەرگرتبێت — ئەمەش بەتایبەتی لە حاڵەتی زمانێکی شێواوی وەک کوردیدا، کە زۆر جار کێشە ئۆبژێکتیڤییەکانی لە توانستی سەبژێکتیڤیی ئەو دەردەچن.

## پەراوێزەکان

(1) نابێت ئەمە لەتەک پرسیاری ئەجوولی و بەدڕەفتاریدا تێکەڵ بکرێت.

(2) پەیوەست بە سۆسیالیزاسیۆنەوە دەبێت هاوکات سۆسیالیزاسیۆنی کەسی کاملیش دیاری بکەین، چونکە ئەویش بە درێژایی ژیانی لەتەک ژینگەی کۆمەڵایەتییانەی خۆیدا لە خەریکبووندایە: "ڕەفتاری، هزرینی، پلاندانان و کرداری، هەمیشە ئاڕاستەی ئەوانی دی کراون، جا گەر ئەوان تەنانەت لەنێو ڕوودانگە دەرەکییەکەی ئەودا نەبن".

(S. 7 ،Oeffingen 1976 ،T.: Das Ich und die Anderen in Familie und Gesellschaft ،Brocher)

(3) ئێمە لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا بەزۆریی کەسێتیی سوننەگەرا دەبینین، ئەوە سەرباری سەرهەڵدانی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەگەری و تەنینەوەی ڕێکخستنی هەموارکراوی (تەعدیلکراوی) ژیان. لەنێو ئەم کۆمەڵگانەدا مرۆڤ بەهەند وەرناگیرێت، بەڵکو کەس تەنیا وەک پیاو و ژن، کوڕ و کچ، باوک و دایک، نەنک و باپیر، پوور و خاڵ و مام و هتد، هەروەها وەک دۆست یان دوژمن و هتد وەردەگیرێت. خۆئاوەڵابوونی تاک بە چەشنێکە، کە ئەو نۆرم (پێوارە) و بەها کۆمەڵایەتییەکان لەتەک پەرەسەندنی تەمەنیدا وەردەگرێت و ئەوجا پراکتیزەیان دەکات. بێگومان ئەمە واتایەکی ئەوتۆ ناگەیەنێت، کە ئەو "تا ڕادەی شیان" فەزایەکی بۆ ڤینی خۆیی نەبێت، لێ ئەم ڤینە سەرەنجامی ئازادیی تاکەکەسی (ئیندیڤیدوێل) نییە، بەڵکو فەزای کردارە کە لە لایەن کۆمەڵگەوە دەرفەتی پێدراوە. پێدەچێت بتوانین ئەم

کێشەیە بەو ڕێیەوە ڕوون بکەینەوە، کە مرۆڤ لە شێوازی هزرینی ئیسلامیدا لەنێو سەرجەمێتیی کۆمەڵدا پێناسە دەکرێت، وەک سەرەنجامی ئەم جیهانبینییەش "من" بەزۆریی لەنێو چێوەی نێوچالاکیی کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێت، کە بێگومان لە پشتی هەر کردارێکەوە دەمێنێتەوە. بۆیە ڕەنگە هەڵە نەبێت کە پێشڤەچوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە وڵاتانی ئیسلامیدا وەک "دۆخگۆڕی" (التغیر) نەک وەک گۆڕان (التطور) دیاری بکەین، چونکە پێشمەرجی گۆڕان بریتییە لە ئازادیی تاکەکەسی. ئێمە دەتوانین ئەم کێشەیە بە نموونەی کەسێتیی خەباتگێڕ ڕوونبکەینەوە: تا ئەو ڕادەیەی مرۆڤ وەک تاک دەست نانێتە نێو نۆرم و بەها سەروەرەکانەوە کە لە ناخی خۆیدا کاراییان وەرگرتووە، بەڵکو تەنیا بەپێی بەڕێوەبردنی ژیانی دۆخگۆڕیو، لەنێو کاتی دۆخگۆڕیودا، ڕۆڵێک بۆ دۆخگۆڕیی کۆمەڵگە دەگێڕێت، ئەوا ئەو نۆرم و بەها پێشهەبووانە تەنیا دۆخگۆڕییان بەسەردا دەهێنرێت، بەبێ ئەوەی لێرەدا ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی بریندار بکرێت. بە پێچەوانەوە هەڵگەڕانەوە کۆمەڵایەتییە قووڵەکان هەمیشە سەرەنجامی دەستتێوەردانی تاکەکەس بوون لە کۆمەڵگەی ترادیسیۆنی، چونکە مرۆڤ لێرەدا خۆی ئاگامەندانە لە ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی پچڕاندووە و پاشان لەتەک ئەو ڕێکخراوەدا کەوتۆتە ناکۆکییەوە. نموونەکانی ئەم تێڕوانینە بریتین لە شۆڕشەکانی فەڕەنسی و ڕوسی، یاخیبوونی فێرخوازە زانستگەییەکانی 1968ی ئەوروپا.

(4) بێگومان مامۆستای جیاواز لەم مۆرکە دیاریکراوەی مامۆستای ترادیسیۆنی هەیە، لێ ئەمە بەگشتی پیشەی مامۆستایەتییە. مامۆستا لێرەدا ڕۆشنبیریی گشتیی نییە، بەڵکو تەنیا ئەوە دەزانێت، کە لە زانکۆ یان لە "پەیمانگەی مامۆستایان" وەری گرتووە. لە بنەڕەتدا مامۆستا ڕۆشنبیرەکان کە دەگمەنن، بەردەوام لە لایەن مامۆستایانی نارۆشنبیری زۆرینەوە بە هەر شێوەیەک بێت (موحارەبە) دەکرێن.

(5) نەشیاو نییە خوێنەرێک لێرەدا بپرسێت، کە ئەم هەموو بەرەڵاییەی ئەمڕۆ چۆن پێناسە دەکرێت. ئەم پرسیارە ڕەوایە، ئەمڕۆ بە تایبەتی لە شارەکانی هەرێمدا لەنێو برێکی فرەی گەنجاندا زۆر شێوەی ڕواڵەتخوازی و ملدانەبەر و هتد تەنیونەتەوە. لێ گەر بەدەر لە دیاردەکانی شمەکخوازی و ڕواڵەتخوازی بڕوانین، ئەوا "هەمان ئەقڵییەت"ی باب و باپیران لای ئەو گەنجانەش دەبینینەوە. بێگومان دەشێت لە ڕووی ڕواڵەتەوە جیاوازییان هەبێت، بۆ نموونە باوکان و باپیران هەتا زۆرترین ڕادە سادە و ساویلکە بوون، لێ گەر کوڕانیان (هەروەها تا ڕادەیەک کچانیان) لەنێو ژیانی تا ڕادەیەک ئالۆزێنراوی شارەکاندا کەمێک بزێویشیان هەبێت، ئەوا هێشتا هەر "حەزخوازی سادەن". جیاوازیی چۆنێتییانە (کڤالیتاتیڤ) لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە لای کەمینەیەکی شاری چێبووە. ئەو هەقیقەتەی سوننەگەرایی سادە بەتایبەتی لەکاتی دروستکردنی خێزاندا بەڕوونی دەردەکەوێت: کوڕە و کچە لەسەر هەمان ڕێسای ترادیسیۆن (باب و باپیرانیان، دایک و نەنکانیان) پەیوەندیی هاوسەریی دادەمەزرێنن و "نزیکە"ی لەسەر هەمان ڕێسا درێژە بە تێڕوانین و شێوازی ژیانیان دەدەن.

(6) ڕاستە کە ئاینی ئیسلام ڕێگە بە تەفسیری قورئان دەدات، لێ دانانی پەیوەندییەک لە نێوان تێکست و هۆشی ڕەخنەییدا وەک "کوفر" تۆمەتبار دەکات. هۆی ئەمە لەوەدایە، کە لە ئیسلامدا قورئان بە خودایی دادەنرێت، واتا وەک ئاخافتنی خودایی، کەواتە قورئان بە دیدی ئەوان هەبوونێکی ئەبسولوت (ڕەها)ی لە مرۆڤی بەندەی ئەزەلییەت هەیە و ئەو تەنیا گەرەکە بیخوێنێتەوە، دەرخی بکات.

(7) بڕوانە: عەلی وەردی، لێکۆڵینەوەیەک لەسەر سروشتی کۆمەڵگەی ئێراق، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: بەرزان ئەحمەد، 2005.

(8) ئەم واژانە لە "فێنۆمێنۆلۆژیی" هوسەرلدا بەکار دەهێنرێن. مەبەستی هوسەرل خودی کێشەی گۆزارەیە، کە ناسینەوەی لە ڕووە فیزیکی و سایکۆلۆژییەکەیەوە بۆ هزرڤانی سەر ڕێگەی فێنۆمێنۆلۆژی نەشیاوی دەستبەردارییە. بۆ نموونە ڕستەی "ئازاد بۆ بازاڕ دەڕوات" لە ڕووی فیزیکییەوە / دەربڕینی وشەییەوە لە چوار وشەی تۆمارکراو پێکدێت، لێ چە وشەکان ناوەڕۆکێکیان هەیە و چ ڕستەکە ڕەوشێکی بزێوی (ڕۆیشتنی) کەسێک پێشان دەدات کە ئێمە دەرکمان کردووە و بۆ نموونە بە کەسێکی دیکەی ڕادەگەیەنین. بۆ کێشەی فێنۆمێنۆلۆژییانەی واژە لە ڕووی فیزیکی و سایکۆلۆژییەوە بڕوانە:

Edmund Husserl ،Logische Untersuchungen ،Band II ،1 ،Hrsg. v. Ursula Panzer. Den Haag 1984 ،S. 37

(9) زۆرینەی هەرە زۆری خوێندکاران لە چوارەم ساڵی خوێندنی زانکۆییدا نازانن لێکۆڵینەوەکەیان لە بارەی چە بابەتێک بنووسن! ئەمە بەڵگەیە بۆ ئەوە کە ئەوان نزیکەی هیچ فێر نەبوون.

(10) وەڵامی ئەم پرسیارە بە شێوەیەکی سۆزمەندانە نادرێتەوە. لە بنەڕەتدا هەستی نەتەوەیی لەم کێشەیەدا جێی نابێتەوە، چونکە ئەوە ئاوەزە، کە سەرەتا بۆ خاتری خۆدەربڕینەکانی لەتەکیدا دەکەوێتە نەسازییەوە و هەر لەم نەسازییەشەوە وەڵامەکان دەدۆزێتەوە.

(11) هەندێک جار ڕوو دەدات، کە ئەو نووسەرانەی لە وڵاتێکی خۆرئاواییدا ژیاون، واژەی گریکیی کۆن یان لاتینی بەکار دەهێنن، لێ بە ئینگلیزیکراوی، ئەڵمانیزەکراوی یان سویدیزەکراوی و هتد. ئەمە بەدڕەوشێکە، کە بۆ کاریگەریی هەر یەکەی ئەو زمانانە لەسەر کەسی بەکارهێنەر دەگەڕێتەوە، کە لە وڵاتی ئەو زمانەدا دەژی. بۆ نموونە واژەی لاتینیی ترادیسیۆن بە ئەڵمانی بریتییە لە ترادیتسیۆن، بە ئینگلیزی ترادەیشن، بە سویدی ترادیشون و هتد.

(12) کێشەیەکی دیکەی کرۆکی، پەیوەست بە ڕێنووسەوە، بریتییە لە کێشەی تەکنیکی تایپکردن، واتا نەبوونی تایپیستی پێگەیەنراو. ئەم کێشەیە ڕواڵەتی نییە، چونکە خوێندنەوەی بێکێشەی نووسراو ئاڵۆز دەکات.

(13) بێگومان زمانی پوخت هاوکات فاکتەرێکی سەرەکییە لە بەمەدەنیکردنی ڕەفتاری کەسدا، چونکە دەربڕینە پوختەکانی ڕاستەخۆ لەنێو پەیوەندییە نێوکەسییەکاندا کاریگەری دەنوێنن.

(14) هەمان ئەم کێشەیە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزیش دەگرێتەوە. لە حاڵەتی زمانی ئینگلیزیدا چەند ساڵێکە کتێبی فێرکاریی نوێ ڕەچاو دەکرێن، لێ ئەمیش پەیوەست بە شێوازی کارکردنی مامۆستاوە شکست دەهێنێت؛ لێ کێشەکە لە ڕەوشی زمانی ئەرەبیدا هاوشێوەی زمانی کوردییە. لێرەدا دەبێت بپرسین: ئایا ئەوە شێوازی گەیاندنی زمانی عەرەبییە کە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر مامۆستا ئەرەبیستەکانی زمانی کوردی دەنوێنێت؟ ئەم پرسیارە دەشێت لەو ڕووەوە گونجاو بێت، کە مامۆستایان وەک کەسی سۆسیۆکولتووری تەنیا مامەڵەیەکی قەدیمی (نامۆدێرن) لەتەک زماندا دەکەن: ئەوان تەنیا ڕێساکانی ڕێزمان بە خوێندکاران دەرخ دەکەن، لێ بە کەمترین شێوە ڕەچاوی پەیڤینی ئەوان ناکەن. هۆی ئەمە لەوەدایە، کە ئەوان خۆیان ڕەچاوی پەیڤینی خۆیان ناکەن، تەنانەت شەرم دەکەن بە کوردیی نووسین بدوێن، کە هەمیشە بکەرییانە لەنێو شێواوییەکانی خودی زمانی کوردییەوە شیاوی گۆڕانپێدانە و هاوکات بۆ هەمووان شیاوی لێتێگەیشتنە. لێ ئەو پرسیارەی سەرەوە لە ڕوویەکی دیکەوە نەگونجاوە، چونکە ئەرەبەکان، تەنانەت بەدەوییەکانیان، لە ترادیسیۆنی خۆیانەوە گرنگییەکی لە ڕادەبەدەر بە زمان: بە شێوازی ئاخافتن و هەڵبژاردنی وشە بۆ ئاخافتن، دەدەن.

(15) بڕوانە:

Hans Mogel: Psychologie des Kinderspiels. Heidelberg 1991 ،S. IX-X.

(16) بڕوانە:

William Stern: Psychologie der frühen Kindheit. Leipzig 1914.

(17) بڕوانە:

G. B. Matthews: Denkproben. Philosophische Ideen jünger Kinder. Berlin 1991.

(هەمان نووسەر):

Philosophische Gespräche mit Kindern ،Berlin 1989.

(18) لەم پەیوەندییەدا ئاساییە گەر کەسێک نەیەوێت ببێت بە فێرخوازی بەشی کوردی لە زانکۆ، لێ نەشیاوە وەک بەشێکی نزم لێی بڕوانێت، چونکە ئەو لە هەر بەشێکی زانستی دیراسە بکات، هێشتا هەر ناتوانێت دەستبەرداری زمانی کوردی ببێت. لەم ڕوانگەیەوە ئەوە فێرخوازە کە بەشە زانستییەکەی خۆی دیاری دەکات، نەک پێگە زانستییەکان لە دەرەوە هەڵچنرابن و کەسی سوننەگەرا ناچار بکرێت یان ئەو خۆی بخوازێت پێگەیەک لە یەکێکی ئەو زانستانەدا بگرێت کە گۆیا "باڵاترین"ن (!)، بۆ نموونە بییەوێت ببێت بە پزیشک یان ئەندازیار تاکو بەو ڕێیەوە پرێستیژی (هەیمەنەی) سۆسیالی هەبێت. لێ گەر بە پێچەوانەوە خواستی خۆیی وەک دەرچەی خوێندنی زانستگەیی وەربگیرێت (کە بێگومان زۆر زۆر دەگمەنە)، ئەوا لەم ڕەوشەدا ئیدی کۆتایی بەوە هاتووە کە بۆ نموونە کەسێک باوەڕ بکات، دکتۆراکەی زانکۆی

سلێمانی لە ئەوەی زانکۆی کۆیە، ئەوەی زانکۆی بەغداد لە ئەوەی زانکۆی سلێمانی، ئەوەی زانکۆیەکی بوخارست لە ئەوەی زانکۆی بەغدا و ئەوەی زانکۆی بەرلین لە ئەوەی زانکۆکەی بوخارست باشترە! ڕاستە کە ئاست و زمان و کەرەسەی زانستی لە ڕووی ئۆبژێکتیڤییەوە رۆڵی خۆیان دەگێڕن، لێ لە کۆتاییدا هەر لایەنی خۆیی پێوەرە: ئەوە هەر فێرخوازە کە لە ڕەوتی خەریکبوونە زانستییەکانیدا بەرهەمەکەی دەخاتەوە! ئایا کامیان لە ڕووی زانستییەوە گونجاوە، ئەو فێرخوازە کە مێتۆدییانە لە زانکۆی سلێمانی توێژینەوەیەک ئەنجام دەدات، یان ئەو فێرخوازە کە لە بەرلین / لەندەن / پاریس وەک کوڕە سوننەگەراکەی سلێمانی لەژێر چاودێریی پرۆفیسۆرێکدا بە ئاقڵانە دکتۆراکەی (بێگومان خۆی بە تەنیا نەک بە یارمەتیی دەرەکی!!) تەواو دەکات، بەبێ ئەوەی توانیبێتی بە ئەڵمانی / ئینگلیزی / فەڕەنسی بهزرێت؟

(19) ئەم شێوازەی خەریکبوونی ڕەخنەیی لەتەک بابەتەکانی وانەدا لە ڕەوتی کاری وانەبێژیمدا لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی کۆیە گۆڕانم پێدا. لێ گەرەکە لێرەدا ببێژم کە وەرگرتنی خوێندکاران، وەک چۆن بە واژەی خوێندکاردا دەردەکەوێت، لەسەر ڕێسای قەدیمیانەی دەرخکردن بوو. "نزیکەی" هەموویان نەیان دەتوانی خۆیان سەبژێکتیڤییانە بە بابەتەکەوە خەری بکەن، جا گەرچی ئەم شێوە خەریکبوونە بەشێکی کرۆکیی وانەکە بوو. ئەم بەدڕەوشە بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە: یەکەم خوێندکارانی زانکۆیی لە ڕەوتی دوازدە ساڵی متکردنی کەسێتییاندا خزێنراونەتە نێو دۆخێکەوە، کە ئەوان لە نێویدا بە شێوازە سوننەگەراکەی دەرخکردن "ڕاهاتوون"، واتا "دەسەڵاتی ڕاهاتن" بەسەریاندا سەروەرە. هۆی دووەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەوان، بەگشتی، نەیان دەوێرا خۆیان بۆ کێشەکە ئاوەڵا بکەن، چونکە "نزیکەی" سەرجەم مامۆستایانی دیکە داوای دەرخکردنی بابەتەکانی وانەیان لێدەکردن، بۆیە ئەو خوێندکارانەش کە مەبەستی فێربوونی دیداکتیکی نوێیان هەبوو (ئاخر ئەوان لە کۆلێژی پەروەردە بۆ کاری مامۆستایەتی پێدەگەیەنران!)، بە ڕاشکاوی دەیان درکاند، کە ئەم شێوازە فێرکارییە لە دۆخی خوێندکاریی ئەمڕۆی ئەواندا گونجاو نییە، چونکە گەر ڕەچاوی بکەن، ئەوسا مامۆستاکانیان دەریان ناچێنن و بەوەش ئایندەیان دەکەوێتە مەترسییەوە.

(20) دەبێت لە نێوان "کەرەسە" و "مەلزەمە"دا جیاوازی بکەین. ڕاستە کە فێرخواز دەتوانێت لە لایەنی خۆیەوە "مەلزەمە"ی مامۆستا وەک کەرەسە ببینێت و خۆی ڕخنەییانە پێوە خەریک بکات، لێ ئەوە شێواز و داواکاریی مامۆستای وانەبێژە کە بەهای ئەو بابەتە چاپکراوە دیاری دەکات. گەر ئەو بە هەموو شێوەیەک داوای دەرخکردن لە خوێندکار بکات، ئیدی ئەو ناتوانێت مەلزەمەکە وەک کەرەسەیەک وەربگرێت تاکو بەڕێیەوە هەمەلایەنیانە فێرببێت. لە بنەڕەتدا کەرەسە، وەک بە واژەکەدا ڕوون دەبێتەوە، تەنیا دەسوێژێکە بۆ ئەوەی فێرخواز پێکەوە لەتەک کەرەسەی دیکەدا "شتێکی نوێیان لێ دروست بکات".

**تێبینی**

ئەم نووسینە سەرەتا لە گۆڤاری کوردۆلۆجی، ژمارە ١، سلێمانی ٢٠٠٨، بڵاوکراوەتەوە. لەم شێوەیەی بەردەستدا سەرلەنوێ کاری تێداکراوەتەوە.

ک.ج.